عەلی خامنەیی: داواکارین لە خوای گەورە سەرۆک کۆماری بەشەرەف و هاوڕێانی بگەڕێنێتەوە باوەشی نیشتمان

ئایەتوڵا عەلی خامنەیی ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران:داواکارین لە خوای گەورە سەرۆک کۆماری بەشەرەف و هاوڕێانی بگەڕێنێتەوە باوەشی نیشتمان

وتیشی: گەلی ئێران دڵنیادەکەینەوە هیچ کێشەیەک بۆ کاروباری دەوڵەت دروست نابێت

هاوکات سەرەڕای تاریکی و باران و شەپۆلێکی بەهێزی سەرما گەڕان بەدوای هەلیکۆپتەرەکەی سەرۆککۆماری ئێران بەردەوامەو تا ئێستا هیچ هەواڵێکی نوێ نییە.

زانیارییەکان باس لەوە دەکەن چەند تیمێکی فریاگوزاری لە شوێنی ڕووداوەکە نزیک بوونەتەوە بەرەو فڕۆکەکە دەڕۆن